ئازاد حەمزە پاڵەوانی لەشجوانیی کوردستان:

# هەر هۆڵێک یاریزانی تێدا دروست نەبێت، شوێنی بازرگانییە



شارۆچکەی خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر لە کاروانی وەرزشی بەردەوام بووەو خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لە یارییە جۆراوجۆرەکان، یەکێک لەم یاریزانە بەتوانایانەش ئازاد حەمزەیە کە ساڵی ١٩٨٩ لە خەبات چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو ئێستا لە پاڵەوانەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقەو لە یاری لەشجوانی و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیەو تاکو ئێستا بۆ هیچ یانەیەک یاری نەکردووە، تەنیا بۆ هۆڵەکانی فیدراڵ و ئەحمەد رامبۆ نەبێت، بۆ ئەم هۆڵەش ئەنجامەکانی بەرچاو بووە، ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانی جیهانی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر بۆ هەرێمی کوردستان، هەرچەندە گرفتی داراییشی هەیە، بەڵام ئەو بەهیوایە یەکێک هاوکاری بکات و بتوانێ ناوی کوردستان بەرز بکاتەوە، ئێمە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** بەشێوەیەکی گشتی ئاستی یاری لەشجوانی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- یاری لەشجوانی لە ئاستی باشدا دەبینم، چەندین یاریزان و پاڵەوانی نوێ هاتوونەتە نێو دنیای ئەم وەرزشە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم یارییە لە پێشکەوتندایە .

*** وەکو پاڵەوانێك، پێتوایە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە دەبێت چی بکرێت؟**

-وەکو یاریزانێك پێم باشە یەکێتیی لەشجوانی کوردستان زیاتر پەرە بەم پاڵەوانانە بدات کە پلەی یەکەم بەدەست دێنن لە رووی ناساندنیان بە هەوادارانی ئەم یارییە، یاخود دروستکردنی سیمینار و چاوپێکەوتن لە راگەیاندنەکان، چونکە بەڕاستی پێویستە لە رووی راگەیاندنەوە زیاتر پەرە بەم وەرزشە بدرێت، زۆر پاڵەوان هەن پلەی یەکەم بەدەست دەهێنن، کەچی ناویان هەر نییە و کەس نایانناسی.

*** کردنەوەی پاڵەوانێتی ساڵانە ئەویش بۆ یەك جار ئایا دەبێتە هۆکار بۆ پێشوەچوونی ئەم یارییە؟**

-راستە هەر چەند پاڵەوانیەتی زیاتر بێت، یاریزانی بەتوانا و پاڵەوانەکان زیاتر دروست دەبن، بەڵام سروشتی ئەم وەرزشە وایە یاریزان لە ساڵێك توانای یەك دوو پاڵەوانیەتی هەیە بەشداری بکات، چونکە بۆ هەر پاڵەوانیەتییەك یاریزان دەبێ ٣ مانگ پێشووتر دەست بە ئامادەکاری بکات.

*** گرفتی یاری لەشجوانی لە چیدا دەبینی؟**

-ئەوەی راستی بێت، لای من گرفتی یاری لەشجوانی لەم خاڵە رەنگ دەداتەوە کە زۆربەی یاریزانان لەسەر ئەستۆی خۆیان ئامادەکاری دەکەن بۆ پاڵەوانیەتی و هیچ پاڵپشتی ناکرێن لە رووی ماددی و مەعنەویش، ئەمەش رەنگە بۆ هەموو یاریزانێك نەگونجێت، ئەو هەموو ئامادەکارییە لەسەر گیرفانی خۆی بکات، ئەمەش گرفت بۆ یاریزانان و پاڵەوانان دروست دەکات و ناتوانن بەردەوام بن.

***کردنەوەی ئەم هۆڵانە تا چەند بۆ خزمەتەو تا چەند رەنگی بازرگانی گرتووە؟**

-من رێزم بۆ هەموو هۆڵێك هەیە، کۆمەڵێك هۆڵی سەرکەوتوومان هەیە، بەڵام بەڕاستی ئێستا زۆرێك لە هۆڵەکان ئەوەندەی بۆ بازرگانی بەرکاردێن، ئەوەندە بۆ خودی وەرزشەکە بەکار نایەن، هەر هۆڵێك یاریزانی تێدا دروست نەبێت، شوێنی بازرگانییە.

*** هەست ناکەی ئێستا ئەم یارییە زیاتر لە ناو چینی گەنجان پەرەی سەندووە؟**

-یاری لەشجوانی لە ئێستادا لە پێشکەوتنێکی بەرچاودایەو گەنجان و لاوان بە گشتیی روو لەم یارییە دەکەن، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە کۆمەڵگە بە وەرزش تەندروست و پێشکەوتووتر دەبێت.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

-بەرنامەی من ئەوەیە بۆ داهاتوو بتوانم هاوکاری ئەو برا پێشمەرگانە بکەم، کەوا پێویستیان بە چارەسەری سروشتی هەیە بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر، چونکە هەموومان قەرزاری پێشمەرگەین.



*** دەڵێن بڕیارە لەسەر گیرفانی خۆت بەشداری پاڵەوانێتیێکی نێودەوڵەتی بکەی؟**

-من لەیەکەم بەشداریکردنم لە پاڵەوانیەتی تاکو کۆتایی پاڵەوانیەتیم هەمووی لەسەر گیرفانی خۆم بووە، رەنگە زۆر جار باری داراییم رێگر بوویێت لە بەشداریکردنم لە پاڵەوانیەتی، بەڵام کۆڵم نەداوەو هەر چۆنێك بێت بەشداریم کردووە، بەڵام ئەمجارە ئەگەر بۆ پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی پشتگیریم نەکرێت، رەنگە نەتوانم لە پاڵەوانیەتی جیهانی بەشداری بکەم.

*** تاچەند بەکارهێنانی دەرمانی وزەبەخش کاریگەری دەبێت لەسەر یاریزانانی لەشجوانی، ئایا ئێوە وەکو یاریزان بەکاری دەهێنن؟**

-بەکارهێنانی دەرمانی وزەبەخش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر یاریزان، لەئێستادا هەر یاریزانێك شوێنی دەرمانی وزەبەخش لە جەستەیەوە دیار بێت، لەلایەن یەکێتی لەشجوانی دووردەخرێتەوە لە پاڵەوانیەتییەکان و بەشدار نابێت، من بەهیچ شێوەیەك بەکاری ناهێنم.



*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان و پاڵەوانێك چین؟**

-خاوەنی ١١ بڕوانامەم و لە ساڵی ٢٠٠٦پلەی یەکەمم لە هێزی لەش لەسەر ئاستی کوردستان و هەولێرو عێراق چەندین ئەنجامی بەرچاوم بەدەستهێناوە، جگە لەوەش بڕوانامەی راهێنەریم بەدەست هێناوە، ئەمساڵیش لەسەر ئاستی کوردستان لەکێشی خۆم پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە، خاوەنی چەندین بڕوانامەی جۆراوجۆرم لەسەر ئاستی ئەم یارییە.

*** لە جیهان بە چ یاریزانێکی لەشجوانی زۆر سەرسامی؟**

-سەرسامم بە ئاستی ئارنۆڵد و فلیکس ویلر.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی بێست بۆدی سەنتەر دەکەم کاپتن ئەحمەد ئەحمەد کە زۆر پاڵپشت و هاوکاربوون و سوپاسی لیوا سەربەست بەڕێوەبەرمان دەکەم کە زۆر هاوکارمانە وەکو وەرزشوانان، زۆر سوپاسی دایکی خۆشەویستم دەکەم، بە هیوای ئەوەشم گۆڤاری گوڵان هەمیشە پێشەنگ بێت لە ناساندنی پاڵەوانان، چونکە خەڵك پێویستە پاڵەوانی خۆیان بناسن.

دیمانە: کارزان کانەبی

# براڤۆ هاندەرانی مانچیستەر سیتی تووڕە دەکات

بە هۆی چەند لێدوان و بەراوردکردنێکی نێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنەو مانچیستەر سیتی، (کلاودیۆ براڤۆ) گۆڵپارێزی یانەی مانچیستەر سیتی هاندەرانی یانەکەی ئێستای لەخۆی تووڕە دەکات.

رۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ)ی ئیسپانی بڵاوی کردووەتەوە، قسەکانی کلاودیۆ براڤۆ کە ستایشی بەرشلۆنە دەکات، هاندەرانی یانە ئینگلیزییەکەی زۆر تووڕە کردووە، براڤۆ لەمیانەی لێدوانەکانی دەڵێت: هاتنم بۆ مانچیستەر سیتی ژیانمی بە شێویەکی باش گۆڕی، لێرە لەگەڵ خانەوادەکەم ئاسوودەم، دواتر سەبارەت بە جیاوازی بەرشلۆنە و مان سیتی گوتوویەتی: هەردوو یانەکە لە رووی بودجە زۆر پێکدەچن، بەڵام یانەی بەرشلۆنە زۆر لە یانەی مانچیستەر سیتی گەورەترە.

ئەو لێدوانەی براڤۆ بە ناپاکی لەلایەن بەشێکی زۆری هاندەرانی مان سیتی وەسف کراو تووڕەبوونی خۆیان بەرانبەر بە قسەکانی گۆڵپارێزی یانەکەیان دەربڕی، کە بەهۆی فەرامۆشکردنی لە یانەی بەرشلۆنە رووی لە یانەی مانچیستەر سیتی کرد.

ئاشکرایە، کە هەردوو یانەی بارسا و مان سیتی لە پاڵەوانیەتی چامپیۆنز لیگی ئەو وەرزە، لە یەک گروپ یاری دەکەن و لە دوایین یاری نێوان ئەو دوو یانەیەدا یانە ئینگلیزییەکە تۆڵەی دۆڕاندنی ٤-٠ ی لە قۆناغی چوون بە بردنەوە بەئەنجامی ٣-١ لە یانە کەتەلۆنییەکە کردەوە.






# دیبالا لیگای ئیسپانیا هەڵدەبژێرێت

رۆژنامەکانی ئیتاڵیاو ئیسپانیا بە بایەخەوە، باسی هەواڵی تازەنەکردنەوەی گرێبەستی (پاولۆ دیپالا)ی ئەستێرەی یانەی (یۆڤێنتۆس)یان کردو ئاماژەیان کردووە، کە یاریزانەکە نایەوێت لەگەڵ یۆڤی بەردەوام بێت و چاوەڕێی گرێبەستی یانەیەکی گەورەی خولی ئیسپانیا دەکات. رۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ)ی ئیسپانی نزیک لە یانەی بەرشلۆنە ئاماژەی بەوە کردووە، کە دیبالا تائێستا لەگەڵ کارگێڕی یانەی یۆڤی نەگەیشتووەتە رێککەوتن، بەتایبەتی لەسەر مووچەی ساڵانەو پاداشت و چەند خاڵێکی دیکە، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی ریال مەدرید لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات، بە هیوای ئەوەی بتوانێت دیبالا بۆ (بێرنابیۆ) بهێنێت، بە گوێرەی رۆژنامەکە ریال مەدرید ئامادەیە مووچەیەکی ساڵانەی هاوتای (گاریس بەیل) بە ئەستێرە ئەرژەنتینییەکە بدات.

سەبارەت بەهەمان بابەت رۆژنامەی (ئال مساجیرۆی ئیتاڵی بڵاوی کردووەتەوە، کە گفتوگۆکانی دیبالا و یۆڤێنتۆس بەرەو ئاقارێکی نادیار دەڕوات، یاریزانە ئەرژەنتینیەکە چاوەڕێی گرێبەستێکی فەرمی ریال مەدرید دەکات، لەبەر ئەم هۆکارەش گرێبەستەکەی تازە ناکاتەوە.

پێشتر یانەی بەرشلۆنە داوای دیبالای کردبوو، بەڵام بەهۆی بوونی سێکوچکەی مێسی و سوارێز و نێیمار کە بە msn ناسراوەو زامن نەکردنی یاریکردنی بە شێوەیەکی سەرەکی لە یانەکە، یاریزانەکە یانەی بارسای رەت کردووەتەوە.







# چارەنووسی ئۆزێل و سانچێز لەگەڵ ئارسناڵ دیاری کرا

بەگوێرەی راپۆرتی کەناڵێکی ئینگلیزی، یانەی ئارسناڵ چارەنووسی (مەسعوود ئۆزێل) یاریزانی بە رەچەڵەك کوردی هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو (ئالێکسس سانچێز)ی ئەستێرەی هەڵبژاردەی چیلی دیاریکردووە. تۆڕی هەواڵی (سکای سپۆرت) ئاشکرای کردووە کە مەسعوود ئۆزێل لەگەڵ کارگێڕی یانەکە رێککەوتووەو بەمزووانە گرێبەستی فەرمی یاریزانەکە لەگەڵ تۆپچییەکان بە میدیاکان رادەگەیەنرێت، بۆ مانەوەی ئەو یاریزانە لە ئارسناڵ بۆ ماوەیەکی درێژتر مسۆگەر بکرێت، لەمبارەیەوە ئاماژە کراوە کە ئۆزێل بۆ ماوەیەکی زۆر لەیاریگای ئیمارات دەمێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، هەواڵەکان سەبارەت بە مانەوەی (ئالێکسس سانچێز)ی هێرشبەری یانەکە بەدڵی هاندەرانی یانەکە نییە، بە گوێرەی هەواڵەکان ئەو یاریزانە خوازیارە ئارسنال بەجێ بیهێڵێت و بەرەو یۆڤێنتۆس ی پاڵەوانی وەرزی رابردووی کاڵچیۆ کۆچ بکات.



## هۆزان ئازاد لەکوردستان دەمێنێتەوە

هۆزان ئازاد یاریزانی پیشەگەری پێشووی یانەکانی سلێمانی و زاخۆ و زێرەڤانی کە بۆ چەندین یانەی وڵاتانی ئەوروپا یاری کردووە، ئەمساڵ بەهۆی یاریکردنی لەخولی عێراقی بڕیاری گەڕانەوەی یەکجاری داوە بۆ ئەوەی لە کوردستان درێژە بەکاروانی وەرزشیی خۆی بدات، لەم بارەشەوە هۆزان ئازاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا بە یەکجاری گەڕاومەتەوە کوردستان و لێرە ژیان بەڕێ دەکەم، چونکە ئێستا هاوسەرگیریم کردووە لەگەڵ کچێکی شاری سلێمانی، لەدوای ئەم هاوسەرگیرییەم گرێبەستم بۆ هات لەلایەن هەریەك لە یانەکانی هەولێرو زاخۆ، منیش دوای قسەکردن لەگەڵ یانەی زاخۆ گەیشتمە ڕێککەوتن و یانە کۆنەکەی خۆم لە وڵاتی ئەڵمانیا بەجێ هێشت بۆ ئەوەی لێرە لە خولی عێراقی خزمەت بە یانەکانی کوردستان بکەم.»

لەبارەی هاتنی گرێبەستیش لەلایەن یانەکانی وڵاتانی ئەوروپا هۆزان گوتی: «هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە و ئێستاش پەیوەستم بەم گرێبەستە کە لەگەڵ یانەی زاخۆ هەمەو دەمەوێ خزمەتی زیاتری وەرزش بکەم لە یانەی زاخۆ، ئێستاش زۆر ئاسودەم لە شاری زاخۆ، دەمەوێ لەگەڵ ئەم یانەیە هەرچی لە توانام بێت پێشکەشی بکەم و خزمەتی زیاتری ئەو شارە بکەم و ئاستی یانەی زاخۆ بەرز بکەینەوە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و کێبڕکێ لەگەڵ یانەکانی ئەو خولە بکەین.»

## کارفەخاڵی ن



زۆرجار یاریزانانی شارەکانی کوردستان خۆشەویستی وا لە لایان درووست دەبێ بۆ یاریزانان کە جگە لە یاریکردن هاوشێوەی یاریزانەکە لە نێو یاریگا، شێوازی جەستەشیان وەکو هەمان یاریزانە ئەوروپییەکان لێ دەکەن. عەلی کوڕە گەنجێکی دانیشتووی قەزای سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێرە لە تیپی لاوانی ئاشنا لە قەزای سۆران یاری دەکات، بەهۆی خۆشەویستیی خۆی بۆ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید کارفەخاڵ شێوازی دەم و چاوی ئەوەندە لەم یاریزانە نزیکە کە زۆر جار هەوادارانی ئەم یاریزانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوای هاوڕێیەتی لێ دەکەن، لەم بارەشەوە عەلی کارفەخاڵ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ماوەیەکە لە نێو یاری تۆپی پێی دەرکەوتووم و زۆر حەز بە یاری تۆپی پێی دەکەم و



# فوتساڵی ئافرۆدێت ئامادەیە بۆ خولی عێراق

بڕیارە وایە لە سەرەتای مانگی داهاتوو یارییەکانی خولی فوتساڵی یانەکانی عێراقی دەست پێبکات و کۆمەڵەی یانەکانی کوردستان لە شاری دهۆك بەبەشداری هەریەك لەکچە یاریزانانی یانەکانی ئافرۆدێت و گازی باکوور و زێرەڤانی و سێمێل ڕووبەڕووی یەکتری ببنەوە.

عێراقی تیپی کچانی فوتساڵی یانەی ئافرۆدێتی شاری سلێمانی بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی ئامادەکاری دەکات بۆ بەشداریکردن لەم خولەکە، لەو بارەشەوە عەباس فەرەج ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی ئافرۆدێت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە هەموو هەوڵێکمان داوە بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنانەکانمان، سوپاس بۆ خوا هەفتەی دوو یەکەی مەشقی ئەنجام دەدەین، مەشقەکانمان چڕن و وەکو پێویستە و سەرجەم یاریزانەکانیش بەشداری یەکەکانی مەشق دەکەن و منیش وەکو ڕاهێنەری پلانی باشم داناوە بۆ ئەوەی بتوانین بەم کچە یاریزانە بەتوانایانەی شارەکەمان ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین و هەوڵی ئەوە بدەین زۆرترین یاریزانمان دیاری بکرین بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق، بۆیە دەمانەوێ ئەم هەلە بقۆزینەوە کەوا زۆربەی یانەکان مەشقیان وەستاندووە لەبەر ئەم دۆخەی ئێستا، بە پێچەوانەوە ئێمە بەردەوام بووین.» عەباس گوتیشی: «یارییەکانی ئەم خولە بە دوو کۆمەڵە بەڕێوەدەچێت، واش بڕیارە لە هەر کۆمەڵەیەك دوو یانە سەربکەوێت بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولی فوتساڵی عێراقی.» لەبارەی گرفتەکانیش فەرەج گوتی: «گرفتی داراییمان هەیە کە ئەوەش زۆر ڕێگر نییە لەوەی کە کەمپی مەشقی و پێداویستی بۆ یاریزانەکانمان ئامادە بکەین، بەڵام دڵسۆزیی یاریزانەکانمان جێی ڕێزە کە تا ئێستا بێ مووچە یاری دەکەن، ئەوەش هاندەرە بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی باش بدەین.»



## ...وێ بەڕێوەیە

دەمەوێ لە داهاتوودا خزمەت بە وەرزشی شارەکەم و وڵاتەکەم بکەم.» گوتیشی: «لە شاری سۆران وەرزش بە شێوەیەکی باش گرنگی پێ نەدراوە، بەڵام من سوورم لەسەر ئەوەی بتوانم شتێك بە شتێك بکەم لە وەرزشکردن، لە زۆر شوێن بە کارفەخاڵ بانگم دەکەن، چونکە شێوازی دەم و چاوم زۆر لەو دەچێت، منیش حەز بە یاری ئەو یاریزانە دەکەم، بۆیە لە نێو یاریگاش هەر بەناوی ئەو بانگم دەکەن، حەزیش دەکەم لە یاریکردن لاسایی ئەو بکەمەوە.» لە بارەی فێربوونی زمانی ئیسپانیش عەلی گوتی: «لە ڕێگای چەند هاوڕێیەکەم لە وڵاتی ئیسپانیا ئێستا وا دەمەوێت فێری زمانی ئیسپانی بم، بەهۆی خۆشەویستیم بۆ ئەم یاریزانە، بەهیوای ئەوەشم لە نزیکەوە یاریزان کارفەخاڵ ببینم، جگە لەوەش هەردووکمان لە یەك ڕێکەوت لەدایك بووین.